# هەزار و تۆ



**کەژاڵ عەلی**

لە زۆرانبازیی دام
لەگەڵ دووان
یەکیان لە گەرمەی خەیاڵدا
سەردەکەوێتە سەر بانیژەی عەشق و
بە دوو دەست لە شەهوەت
تا هێزی تێدایە
ژنێتیم رادەوەشێنێ و
لەژێر پێی غەریزەکانی رایدەخا.

ئەوی دی بە تەنیشت خۆرەوە
کتێبێکی پێیە لەهەور
دێری لەبارانە و
حەرفی لە قەسیدە
کەتێی رادەمێنم
وەك كانی ئیشتیهام پر دەبێ
لەتامی مەعریفە.

دوو کەسن
یەکێکیان وێرانم دەکا
بە وەهم
ئەوی دی
داگیری دەکەم بە جەستە
یەکیان عاریفانە عاشقیم
ئەوی دی
سەروەرانە بۆی دەمرم
یەکیان ئێجگار خۆشم دەوێ
ئەوی دی
تاسەر مۆخ موعجبیم.

منی عاشق
بەدیار ختورەی پەلکەزێرینە و
یەکودووی دڵی خۆمەوە
پڕ چەك بەتفاقی شەڕم
شمشێرم لەلاسکی بارانە و
قەلغانم لەپەلکی عاتیفە
بە دەست ئەم دووانەوە گیرۆدەم.

هەردووکیشیان هەر تۆن
هەر کامتان بکوژم
دەبنەوە بەهەزار لەمندا
چەند سەرسامم بە خۆم
کەشەڕی هەزار و تۆ دەکەم
تا دوا جار
ببمەوە خاتوونی
هەزار و یەکی تۆ.

سویسرا